www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-7-2006 9:18

## کار وا بروات شێرزاد عەبدولڕەحمان دەبێتە وەزیر... ! هەڵۆ هەولێری

لەوەتەی هەم ناعەدالەتی دەبینم، خۆفرۆش لە خەباتگێڕ بەڕێزتر دەبینم.. !! ئەمە لەسەردەمی رژێمە یەک بەدوای یەکەکانی ئێراقدا، کە هەمیشە مرۆڤی نابووت و گەلحۆو بێ سەوادیان دەکردە بەرپرس و گەورەی باسەوادو رۆشنبیرو بەڕێزەکان.
بەڵام لەدوای راپەڕین، ئاستی ئەم جۆرە کردارانە کەمتر بۆوە، تا ململانێی حزبایەتی گەیشتە ئەو ئاستەی لەهەموو پێکهاتە جیاجیاکاندا بەدوای ژمارەی زیاتر بگەڕێن. هەربەوەش سەرجەم جاش و خۆفرۆش وبەعسییەکان، سەرلەنوێ جێگەو پێگەی ئاسایی خۆیان دەستکەوتەوەو بووە (گوێ فرکانێ) و هەر لایەنەو بە شێوازی خۆی کەسبیان دەکردن، تا ئەو ئاستەی سەرلەنوێ کەوتنەوە هەناسەدان، بەهەمان رێتمی جاران، کە بریتییە لە رازیکردنی ناوگەڵی بەرپرسان و راپۆرت نووسین لەسەر پاکەکان و جاسووسی وپانکردنەوەو هەموو شێوەو شێوازە جیاجیاکانی جاران، کە بە هۆیانەوە خزمەتی سەرانی بەعس و ئەمن و ئیستیخباراتیان دەکردو، گوێیان لە مەسەلەی کەرامەت و سومعەی عائیلەو ژن و منداڵیش نەبوو، چونکە لەسەر ئەو بنەمایە گەیشتبوونە دەسەڵات.

ئەگەر وا نەبووبێ قەزمێکی نابووتی وەکو شێرزاد عەبدولڕەحمان، کە شەشی سەرەتایی تەواو نەکردوە، چۆن دەکرایە سکرتێری نووسینی هاوکاری، بەتایبەتیش لەگەرمەی شەڕی نێوان بەعس و ئێران، کەهەر تەنها نابووتێکی وەکو ئەو مرۆڤە دەیتوانی لەو جۆرە شوێنەدا کار بکات.
ئەمەیان بۆ ئەوسا سەیر نییە، چونکە ئەمە ویستی بەعس بوو.. !! بەڵام بەڕاستی بۆ ئەمڕۆ سەیرەو زۆریش عەنتیکەیە و مایەی سەرسوڕمانیشە، کە رۆژانە پاداشت بکرێ و پلەو پایەی زیاتریشی پێ ببەخشرێ، بەجۆرێک لەدوا بڕیاردا ئێمەی رۆژنامەنووسانی ماندووناسی خۆبەخش و گیانبەخشی پارتی دیموکراتی کوردستان بشێوێنێ و، بەڕاستی دووچاری شۆکمان بکاتەوەو واشمان لێبکات هەروا بەئاسانی ئەم بڕیارە بەسەرمان تێنەپەڕێ وبکەینە هەڵایەک، یان ئێمە دەیبینەوە! یان ئەم جۆرە خۆفرۆشانە، کە هەمیشە ئێمە فەرامۆش کراوین و ئەم جۆرە خۆفرۆشانەش بەرزتر کراون و خەڵات دوای خەڵاتیشیان بەرکەوتووە.
ئەگەر باوەڕیش ناکەن: فەرموون گوێم بۆ شل کەن و بزانن چۆن، شێرزاد عەبدولڕەحمانی خۆفرۆش، لەگەڵ ئاشکراکردنی هەرجۆرە خیانەتێکی بەرزتر کراوەتەوەو خەڵاتیش کراوە:
- بەرایی سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشم، کە ئەز بابەلباب پارتیمەو **بە قوربانی گۆڕی بارزانیی نەمرو سێبەری کاکە مەسعودی سەرۆکی کوردستان و باڵای کاکە نێچیرڤان دەبم** و ئامادەشم بۆ هەموو جۆرە گیانبازییەک لەپێناوی پاراستنی سەروەری ناو و خەباتیان و دەیان و سەدانی وەکو منیش بە هەمان شێوە ئامادەی ئەو گیانبازییەن و، هەر هەمووشمان بەوە رازین کە فەرامۆش کراوین و قەبوولیشمانە کۆنە شیوعی و کۆنە یەکێتیی و کۆنە هەرجۆرە پێشمەرگەیەکی دیکە، بکەنە بەرپرسمان، چونکە ئەوان لە شاخ بووینەو بۆ کورد و کوردستان خۆشییەکانی ژیانی خۆیان بەقوربانی نەهامەتی کردووە، بەڵام قەت قەبووڵ ناکەین، کە بەعسی و جاش و خۆفرۆشمان بەسەردا فەرزبکەن و بیانکەنە بەرپرسی ئێمەو زۆر بەڕاشکاویش پێتان دەڵێین لەمەدا زۆرتان زەرەرەو ئەگەر باوەڕیش ناکەن، فەرموون ئێوە لەسەر بڕیاری خۆتان بەردەوام بن و دواتر بزانن، هەڵوێستی ئێمە چی دەبێ.

دواتر با بێینەوە سەر شێرزاد کە چۆن هەمیشە خۆفرۆشییەکەشی لێکەوتووەو دواتر بۆی بۆتە - نازو نیعمەت:
دوای راپەڕین کە ئەو هێشتا بەرهەمەکانی لەرۆژنامەی هاوکاری دادەبەزین، کاک کۆسرەت خۆی و حەیدەری زر برایشی گرتن و دوای چل رۆژ مانەوە لە زیندان، بەتەکلیفی زەعیم عەلی و ئێمەی رۆژنامەنووسانی پارتی، بەردراو کاک کۆسرەت گوتی: بەخودای هەقی خۆی و برایەکەی رەمی کردنە، بەڵام با بە قوربانی ئێوە بێ.
(خوا بمانگرێ) کە ئەوسا هێندە سەرسام بووین بە بڕیارەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی، کە بریتی بوو، لە پیادەکردنی گیانی لێبوردەیی. بێئاگا لەوەی درک هەر درکەو خۆفرۆشیش هەر خۆفرۆش:
بەهەرحاڵ، بەحوکمی ئەوەی کاک کۆسرەت گرتبووی، دوای بەربوونی لەنێو پارتی ولە رۆژنامەی برایەتی ئەوسا دامەزرا.
بەکردەوەکانی رابوردووی و رازیکردنی بەرپرسان و پانکردنەوەو زۆر شتی دیکەی ....... بووە بەرپرسی لاپەڕەو دواتر بەش و تا ئاستی سکرتێری نووسین.

**دواتر نانی شوانی خواردو لەسەر مالّی بارزانی هەواڵێکی هەڵەی لەرۆژنامەی (الحیاە) یان (الشرق الاوسط) دابەزاندو غەزەبی بنەماڵەی بەرکەوت، بەڵام سزاکەی بریتی بوو لەوەی بووە بەرێوەبەری نووسین لە گۆڤاری گوڵان و، ماشێنێکی پرادای سفر کیلۆمەتریشیان پێبەخشی... !!!**

**بەخششی دواتریش، کرایە سەرنووسەری گۆڤاری شارەوانی، سەرباری مووچە خەیاڵییەکەی، تا ئێستا شەش پارچە زەوی جیاجیاشی وەرگرتووە، سەرباری سێ سەد مەتر زەوی دیکە بۆ شڤانی کوڕی، کە ئەویش وەکو باوکی نەخوێندەوارە، بەڵام هەمان سەنعەت دەزانێ کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ:هەشت لەسەر حەوت... !!!**

**لەدوای ئەوەی رۆژنامەی هەواڵ، سەدام پەرستی و بەعسی بوون و دژایەتی بزاڤی سیاسی کوردو کوردستانیان لەسەر شێرزاد عەبدولرەحمان ئاشکراکرد، لەبری سزا، گەورەتر کراو پاداشتیش کرا... !!!**

**کەبرای نووسەر، نووسینەکەی شێرزادی خۆفرۆشی وەکو خۆی بڵاوکردبۆوەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە، دوو مانگ دوای ئەنفالکردنی بارزانییەکان ئەم نووسینەی بڵاوکردۆتەوەو، سەرباری پیاهەڵدانی سەدامی خوێنرێژ و هەزاران جۆری پیاهەڵدان، دەڵێ: شمشێری سەدام لە هیچ یاخی بووەک نابوورێ، کەمەبەستی بارزانییەکانەو ئەمڕۆ دەبوایە یادی پازدە ساڵەی لەناوبردنیان بکرێتەوە. !!!**

**نەخێر رۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیکۆمێنتە ئاشکرایە، لەبری سزادان، بەبریارێکی رەسمی کرایە سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم و راوێژکاری تایبەتی وەزیری رۆشنبیریش بۆ کاروباری راگەیاندن!!! کە بەڕاستی ئەمە گاڵتە کردنە بە شعوری سەرجەم رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی پارتی و غەدرێکی گەورەشە، بەوەی جاشێک دەخرێتە شوێنی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس و کوڕە هەژارێک، کە بەگیانبازیخۆی و نەسڵەمینەوەی، گەیشتۆتە ئەو پێگەیەی کە بە حەزو شارەزایی خۆی توانیویەتی گۆڤارەکە بگەیەنێتە ئەو ئاستەی لە بازاڕ سەری بۆ بگیرێ ؛ هەربۆیە بەرایی سەرزەنشتی ئەوە دەکەین کە بەعسییەکی دژە کوردی خۆفرۆشی ریسوا، بخەنە جێی پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەستی کوردستان.**

**دواتر دەمانەوێ لەوە بگەین کە ئەوە بریاری مامۆسا فەلەکەدین کاکەییە، کە گوایە پارتییەو دڵسۆزەو، خودا شاهیدە ئەوە ئەگەر بریاری ئەو بێت، ئەوا دەبێتە گەندەڵترین و فاشیلترین وەزیری کوردستان... !!!!!**

**هەر لەدوای ئەوە بە برادەران و هەڤاڵانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێم: ئەگەر ئێوە بەوە رازی نەبوون کە کەسێکی ئەکتیڤ و وشیاری وەکو (سامی شۆرش) ببێتە وەزیری رۆشنبیری، پێم ناڵێن ؛چۆن بەوە رازین کە خۆفرۆشێکی جاش و بەعسی وەکو شێرزاد عەبدولرەحمان ببێتە سەرنووسەری ئەو گۆڤارەی کە ناوی هەرێم بوو، لەمەودواش دەبێتە هەرێمی کوردستان و هەر هێندەتان وەبیر بێتەوە، کە شێرزاد لەلایەن کاک کۆسرەتەوە لەسەر بەعسی بوون، ئەمری رەمیکردنی بۆ دەرچووبوو.. !!!**

**خۆ ئەگەر بریاری ئەنجومەنی وەزیرانیش بێت، ئەوا خودا شاهیدە بە زووترین کات، ئێمە کە دەستەیەکی زۆر ئەکتیڤی نێو رۆژنامەکانی پارتین، بەیەکەوە دەست لەکاری رۆژنامەنووسی پارتایەتیش دەکێشینەوەو مەیدانەکە بۆ شێرزاد عەبدولرەحمانی بەعسی و فەلەکەدین کاکەیی چۆڵ دەکەین، کە ئاشکرایە فەلەکەدینیش ئەو کارەی هەر بە هەوەنتە و بەلاش بۆ شێرزادی پاشەڵپیس نەکردووەو ئەویش بە نرخی خۆی بووە، ئەگەرچی نەخۆشەو هیچی پێ نەماوە،!!: ئەو فەلەکەدینە بەناو شۆرشگێرە بۆ بەیانیەکەی، بە ئەمری شێرزادی راوێژکاری خۆی، ناپاکێکی دیکەی هێنایە پێشەوەو حەیدەر عەبدولرەحمانی برای شێرزادی کردە بەرێوەبەری رادیۆی هەرێمی کوردستان و شەڤێکیان لە (گۆران) ی بەستەزماندا...**

**کە حەیدەر لەپەنای گوناحە مێژووییە دڕندانەکانی شێرزادی برای خۆی شاردۆتەوە، ئەگەر نا شێرزاد لەچاو حەیدەر بەسەد ئاوی زەمزەم شۆراوەتەوە، چونکە حەیدەر برا گەورەی شێرزادەو گەلێ زووتر لە شێرزاد بۆتە بەعسی و لە پێشبرکێی رۆمانی قادسیەی سەدامدا، یەکەم بووەو باشترین چەلاوی پارەو زەوی وخانووشی نۆش کردووە و دەمڕاستی حەسەن حوسێن ئەلئلادادی جێگری ئەمینداری رۆشنبیری بەعس بووە و، هەزاران راپۆرتیشی لەسەر ئێمەمانان نووسیوە، کە ئەمە هەویرێکە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و لێرە جێگای نابێتەوەو، رەنگە حەیدەری خۆفرۆش دڵی بەوە خۆش بێ کە وازی لێ دەهێنین و هەر لە پەنای شێرزادی گەڵ و گەڵ فرۆشی برای فەرامۆشی دەکەین. نەخێر ئەمە بۆ کاتێکی زۆر زوو هەڵدەگرین و بەڵێنیش بە خوێنەرە سەرڕاستە پاکەکان دەدەین، کە لەمەودوا، ئەڵقەنامەیەکی تایبەت بە حەیدەر عەبدولرەحمانی جاسووس و خۆفرۆشی بەعسییان دەکەینەوە، لەسەر کاکە شێرزادی سکرتێری نووسینی گوڵانی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکاری زەمانی بەعسیش بەردەوام دەبین، بەو هیوایەی یان خودا بە ئێمەی دڵسۆزی دەدات، یان بەو جۆرە خۆفرۆشانە!!!**

ئێستا گومان لە رابوردووی فەلەکەدین کاکەیی دەکرێ، بەوەی مەرجی یەکەمی لە دامەزراندن و پلەو پایە بەخشیندا، ئەوەیە کە بەعسی بوو بێ و خیانەتی لە گەلی کورد کردبێ و ناجۆر بێ لەگەڵ سەرجەم بڕیارەکانی ئەو پارتییەی جێگەی ئەو جۆرە خۆفرۆشانەی کردۆتەوە، تا ئەو ئاستەی جەعفەری خۆفرۆشی بەعسی برای ناسر حەسەن بکاتە بەڕێوەبەرێکی گشتی!!!

هەربۆیە دەڵێم ؛ واز لە فەلەکەدینی رابوردووی گومان لێکراو و ئێستاو ئایندەی لایەنگری بەعسییەکان بهێنن، چونکە خەرەفاوەو خۆشی نازانێ چی دەکات!!!

کە ئەمەش جۆرێکە لەسەرشێوان و خۆ دۆڕاندن و پێشکەشکردنی تەمەن بە کورسی!!! چ کورسییەک؟ ئەو کورسییەی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بە قوربان دەکرێ. بۆیە کورسییەکە پیرۆزی کاکە فەلەکەدینی ناکاکەیی دەکەم و بە کاکەییە رەسەنەکان و پارتییە حەوت رەقەمەکانیش دەڵێم:واز لە فەلەک و ناو گەڵە بۆشەکەی بێنن، کە هەر تەنها بە شێرزاد و حەیدەری جووتە برای بەعس و ... دەبووژێتەوەو دواتریش واز لەو موعادەلەیە دەهێنم، کە هەر چەندی دوژمنایەتی و دڕندایەتی شێرزاد ئاشکرا دەکرێ، هێندەی پێ بەرز دەبێتەوە. بۆیە تا بە هۆی ئاشکراکردنی سەرجەم مەلەفەکانی کە (هەر هەمووی عەیب و عارە) بەرزتر نەکرێتەوە، بڕیار دەدەم چیتر ناوی ئەو زاتە پیرۆزە نەبەم، هەر تەنها لەبەر ئەوەی بەرزی نەکەنەوەو، رۆژێک لە رۆژان نەیکەن بە وەزیر.

هەر بۆیە ئەمە دوا ئەڵقەی نووسینمە لەسەر شێرزادی خۆفرۆش و، بەڵێنیش دەدەم لەمەودوا بۆ.... .... .... .... .... .... حەیدەری برای، هەموو کاتەکانم بۆی تەرخان بکەم.